# بەیەکچوواندنی
# کۆمۆنیزم بە فاشیزم و نازیزم
# هەڵەیەکی کوشندەیە

دیار عەزیز



وەک بۆ هەموو خوێنەرانی سایتە کوردیەکان روون و ئاشکرایە هەردوو سایتی ( بۆپێشەوە و دەنگەکان ) لە چوار پێنج ساڵی رابردوودا خزمەتێکی بێوێنەیان لە هەموو بوارەکانی ژیان ؛ رۆشنبیریی ، فەلسەفە ، ئەدەب ، هونەر، رەخنە،ژنان،مەدەنیەت، منداڵان، چینایەتیی، هەواڵ ....هتد بە مرۆڤایەتی کردووە.

دیارە ئەمە جێگای دەستخۆشیلێکردنە که ئەم دوو سایتە توانیویانە سەرمەشقی بڵاوکردنەوەی بیرورِا و رای بەرانبەر بن .. تەنانەت ئەگەر را بەرانبەرەکان بەرانبەر بە خۆشیان بووبێ ، وەک ئاشکرایە لە کن زۆر لایەن و کەسایەتییەوە بە سایتی چەپ و پێشکەوتووخوازەکان ئاماژەیان بۆدەکرێ چونکە ئەوان هەمیشە سەرمەشق بووینە لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازیی و رەخنەگرتن لە ئاین و هەر بیروبۆچوونێک کە رەورِەوەی بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەڵ دەچەرخێنێ .

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە چەند رۆژێک لەمەوپێش ووتارێک لەلایەن بەرِێز (ستیڤان شەمزینانی ) بەناوی " یەکێتیی و پارتی یەکدەگرن " و بەدوای ئەویشدا ووتارێکی تر لە لایەن بەرِێز ( عەبدوڵڵا حەمەلاو) بڵاوکرانەوە کە هەردوو بەرِێز لە ووتارەکانیاندا زۆر ئاساییانە کۆمۆنیزم دەچووێنن بە فاشیزم لە کاتێکدا هەموو کەسێک دەزانێ کە کۆمۆنیزم بزووتنەوەیەکی پان و بەرینی کۆمەڵایەتیی لەمێژینەی مرۆڤایەتییە و مێژوویەکی دورودرێژی هەیە .. نەک موڵکی چاوچیسکۆ، ستالین، ماو، تیتۆ، کاسترۆ ، قزافی، شافیز ، ... تەنانەت موڵکی مارکس، ئەنگلس، لینین ، مەنسور حیکمەتیش نییە . بەپێچەوانەی رای بەرێز عەبدوڵڵا حەمەلاو کە پێی وایە مارکسیزم باوی نەماوە و ئێستا لە ئەروپا و ئەمەریکا تەنیا وەک تیۆر لەتەک تیۆری فەیلەسوفەکانیتر لە قوتابخانەکان دەخوێندرین .. لە دوو راپرسیدا کە یەکێکیان لە زانکۆیەکی ئەمەریکیی و ئەویدیکەیان لە سایتی ( بی.بی.سی) ئەنجامدرا ، یەکەمیان سەبارەت بە ناسراوترین کەسایەتیی بوو لە سەدەی بیستەم و لە ئەنجامدا مارکس بەو کەسە دەرچوو،دووەمیشیان سەبارەت بە فرۆشتنی زۆرترین تیراژی کتێب بوو لەو ساڵەدا و لەویشیاندا کتتێبەکانی مارکس بوون کە زۆرترین تیراژیان لێفرۆشرا .

لەلایەکیتر ئێمە دەتوانین گەواهییبدەین کە مرۆڤەکانی رۆژهەڵاتی ئەوروپاو روسیاو چین چەندە جیاوازییان هەیە بە بەراورد لەگەڵ مرۆڤەکانی ووڵاتانی تری کیشوەرەکانی جیهان تەنانەت ووڵاتانی رۆژئاوا بە ئەوروپا و ئەمەریکاشەوە .. وەک دەیبینین رۆژبەرۆژ رێژەی لێشاوی قومار و قومارخانە و بەکاربەران و قاچاغچیانی مادە بێهۆشکەرەکان و لەشفرۆش و لەشفرۆشخانەکان لەو شوێنانەی ئاماژەمان بۆکردن بەرزتر دەبێتەوە ، بۆ نموونە ئەگەر یەکێک سەردانی هەنگاریا و بوڵگاریا بکا کە دوو ووڵاتی سەر بە بلۆکی سەرمایەداریی دەوڵەتیی – سۆشیالیستی سۆڤیێتیی – بوون یەکسەر تێبینیی ئەوە دەکا کە لەم دوو ووڵاتەدا زۆربەی خەڵکانی چین و توێژە نەدارەکانی وەک شۆفێر و کارمەند و کرێکار و فرۆشیار ... هتد خاوەنی خو و رەوشتێکی بەرزی مرۆڤانەن و وەک دەیبینین کە بوڵگاریا دوای نەمانی سیستەمە سەرمایەدارییە دەوڵەتییەکەی کۆمەڵگاکەی تووشی هەژاریی و قاتوقرِییەکی بێوێنە بۆوە .. بەڵام بابایەکی بێگانەی زمانەزانی ناشارەزای وەک تۆ کە دەگەیتە شارێکی وەک (سۆفیا) کە پایتەختی ئەم ووڵاتەیە ئەگەر بتەوێ هەندێ کەلوپەلی پێویست بکرِی ئەوا رێتدەکەوێتە سەنتەری شار و لە شوێنێکدا کە هەر لە بازاڕی (شێخەڵڵا)ی هەولێر یان ( ژێرپردەکە)ی سلێمانی دەچێ .. بچیتە لای پیرێژنێکی شەست هەفتا ساڵە کە هەندێ سەوزە و میوە و تەرِەی داناوە بۆ فرۆشتن لە کاتێکدا تۆ نە دەزانی ( ستۆتینگ ) چییە و نەدەزانی ( لیڤ)ێک چەند ستۆتینگە پاش ئەوەی

شتەکانی خۆت هەڵدەگری و پارەکەی دەدەیتێ پیریژنی بەستەزمان کە بێ شێوە کارە ناچارییە هەژارانییەکەی دیارە چەندە لەبار و شیاوە بۆ فێڵ و کەڵەک و دزیی و تەڵەکەبازیی بەڵام بێ سێ و دوو نرخی کەلوپەلەکانت لای خۆی گڵدەداتەوە و پارەکەیتریشت بێ کەم و زیاد وێدەداتەوە،

ئەو نموونە سادەیەی سەرەوە ئەوە دەردەخا کە ئەگەرچی شۆڕش لە روسیا هەڵگیرسا بە رابەرایەتیی (لینین) و (پارتی بەلشەفیک ) و سەرکەوتنیشی بەدەستهێنا بەڵام دواتر لە لایەن (ستالین)ەوە بەلارێدا بردرا و هوردە هوردە لە ئامانجە سۆشیالیستییەکان دوورخرایەوە و ئەوانەی دوای ئەویش درێژەیان بە هەمان رێبازی ئەو دا.. بەڵام لەبەرئەوی ئەو سیتەمی سۆڤیێتییە پاشماوەی شۆڕشی سۆشیالیستیی ئۆکتۆبەر بوو و دەستبەرداری ناوی کۆمۆنیزم و سۆشیالیزم نەببوو بەناچاریی بە شێوەیەک لەشێوەکان ژیانێکی ئاساییان بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵ لە هەموو بوارەکانی ژیان دابین کردبوو ، دیارە ئەمەش بمانەوێ و نەمانەوێ هەربۆخۆی جۆرێک لە خو و رەوشتی مرۆڤدۆستانەو شارستانیانە دروستدەکاو راهاتنیش یان ژیان لەگەڵبارێکی ئاوەهادا جۆرو شێوازی پەیوەندییەکانی مرۆڤەکان دەگۆڕی و ئەگەر سیستەمی حوکمەکەیشیان بگۆڕدرێ ئەوان هەر وا بە ئاسانی ناگۆڕێن و تا ماوەیەکی دوور لەسەر شێوەکەی خۆیان دەمێننەوە .

ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە بەڕێوەبەرانی هەردوو سایتی ( بۆپێشەوە و دەنگەکان ) لەبەرانبەر ئەو هەڵە کوشندەیەی ئەو دوو بەڕێزە کاردانەوەیەک یاخود وەڵامێکیان نەبوو ، دەمێنێتەوە بلێین ئەگەر ئەو بەرێزانەی ئەو دوو سایتە مەبەستیان ئەوە بێ بابەت دابەزێنن و چاوەڕێی وەڵامی ئەویدی بن دیارە ئەوە کارێکی پوختە و چاکە بۆ دروستکردنی سەکۆی ئازاد و ئازادیی رادەربڕین بەڵام ئەگەر بۆ ئەو مەبەستە نەبێ ئەو بێدەنگییلێکردنە لە لایەن ئەوان جێگای رەخنە و کۆڵێک سەرنجە .

diarazizi@yahoo.co.uk